# هەرکەسێک سوێندی خوارد، و ووتی: من پەیوەندیم بە ئیسلامەوە نەماوە وبەریئم لێی، ئەگەر درۆ بکات؛ ئەوا خۆی بەو شێوەیە کە وتوویەتی، وئەگەر ڕاست بکات؛ ئەوا بە سەلامەتی ناگەڕێتەوە بۆ ئیسلام

له بورەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک سوێندی خوارد، و ووتی: من پەیوەندیم بە ئیسلامەوە نەماوە وبەریئم لێی، ئەگەر درۆ بکات؛ ئەوا خۆی بەو شێوەیە کە وتوویەتی، وئەگەر ڕاست بکات؛ ئەوا بە سەلامەتی ناگەڕێتەوە بۆ ئیسلام (پابەندبوونی بە ئیسلامەوە ناکامڵ دەبێت)«.

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە]

هەرکەسێک سوێندی خوارد، و ووتی: ئەو بەریئە وپەیوەندی بە ئیسلامەوە نەماوە، یان ووتی: جولەکەیە یان نەسڕانیە یان کافرە یان مولحیدە، باسی ئەم کەسە لە دوو حاڵ تێپەڕ ناکات: 1/ ئەگەر درۆ بکات لە ئەو شتەی سوێندی لەسەر خوارد، بۆ نمونە سوێند بخوات وبڵێت: ئەو بەریئە وپەیوەندی بە ئیسلامەوە نەماوە ئەگەر ئاوا وئاوا ڕوویدات، ولە کاتێکدا درۆ دەکات لەو باسەی دەیگێڕێتەوە، بۆ نمونە ئەگەر سوێند بخوات لەسەر ئەوەی کە زەید ئەمڕۆ لە سەفەر گەڕاوەتەوە وبەریئە وپەیوەندی بە ئیسلامەوە نەماوە یان بڵێت جولەکە یان نەسڕانیە ئەگەر ئەم ڕووداوە بەم شێوەیە نەبێت (زەید نەگەڕابێتەوە)، ولە کاتێکدا خۆی دەزانێت درۆ دەکات، ئەوا لەم حاڵەتەدا خۆی بەو شێوەیە کە وتوویەتی پەیوەندی بە ئیسلامەوە نەماوە یان بووەتە جولەکە یان نەسڕانی. 2/ ئەگەر ڕاستگۆ بێت لەوەی دەیڵێت، هەروەکو ئەوەی سوێند بخوات لەسەر ئەوەی پەیوەندی بە ئیسلامەوە نەماوە یان جولەکەیە یان نەسڕانییە ئەگەر زەید ئەمڕۆ لە سەفەر گەڕابێتەوە ولەکاتێکدا سوێندەکەی ڕاست بێت، لەم حاڵەتەدا بە سەلامەت وکامڵی ناگەڕێتەوە بۆ ئیسلام (پابەندبوونی بە ئیسلامەوە ناکامڵ دەبێت) ودینداریيەکەی ناکامڵ دەبێت، هەروەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی، بەڵکو کامڵی وتەواوی ئیسلامەتیەکەی کەم دەکات بەهۆی ئەم قسەیەی کە وتەیەکی خراپ وناشیرینە ونیشانەی بێئاگایی وگەمژەیی ئەو کەسەیە کە ئەم جۆرە سوێندانە دەخوات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8965